# ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە

نووسینی د. حامد عەلوان
و. مەحموود محەمەد عووسمان

## بەشی کۆتایی،

خوێنەری ئەزیز، ئەمە دوابەشی ئەم زنجیرەیە، مانای وانییە ئیتر باسکەی لێرە تەواو ئەبێ، زنجیرەی تری ماوە کە باس لە ڕەچەڵەکی ژیان و هەندێ مەسایلی زانستی پەیوەست بە درووستبوونی کۆرپەلە و هەروەها باسی ڕەچەڵەکی مرۆڤ ئەکات لەڕوانگەی میسۆلۆجییەوە، یەعنی باسی هەموو ئەو چیرۆک و داستانی گەلان ئەکات لە باسکردنی گەردوون و درووستبوونی خواکان. هەروەها باس لە لافاوەکەی کاتی نوح ئەکات، جا ئەو کاتە ئەزانین ئەو گەلانە بە هەزارەها ساڵ پێش ئاینەکان باسیان لەو چیرۆکانە کردووە، من پشوویەک ئەدەم و مەشغوڵی هەندێ بابەتی تر ئەبم پاش ماوەیەکی تر دێمەوە خزمەتان بۆ تەواوکردنی مێژووی باپیرانمان. بمبوورن لە هەڵە وە هەندێ هەڵە خۆم هەستم پێکردووە چونکە زمانێکی زانستییە کەم مەجالی چاکسازیی هەیە، هیوادارم دوای هەموو نووسینەکان جارێکیتر ڕاستیان بکەمەوە بۆ ئەوەی بە کیتابێک بە چاپی بگەیەنم، لەگەڵ محیبەتم ( مەحموود)

لەم بەشە ئەخیرەدا باسی ئەو ڕەگەزە ئەکەم کە بە نزیکترین ئەڵقە دائەنرێ بۆ مرۆڤ نەک بۆ مەیموونەکان، ئەو ڕەگەزەش پێش 30000 ساڵ کۆتایی هات وە بووە ئەم مرۆڤە عاقڵەی ئێستە.

## Homo habillis

ناوە زانستییەکەی مانای مرۆڤی دەستییە.

بۆیە ئەم ناوەی لێنرا چونکە هەندێ ئامێری دەستی سەرەتایی لە گەڵ ئێسکەکانی دۆزرایەوە کە وەک تاوێری داتاشراو بوو بە شێوەیەکی ئاسان .

نزیکەی پێش ملیۆن ساڵ و نیوێک ژیاوە بەڵام پێکهاتەی کەلەکەی هەتا ئێستە هەندێ سیفاتی دوا باپیرەکەی هەڵئەگرێ ئەویش مەیموونی باشووری قورسە ( تکایە سەیری وتارەکەی پێشتر بکە ) لەگەڵ گۆڕانکارییەکی ڕۆشن لە قەوارەی ددانەکانی کە زۆر بچووکترە و هەست ئەکەین قەوارەی دەماغی گەورەترە، ئەگاتە 800 سم سێجا، درێژییەکەی لە 127 سم زیاتر نەبوو و کێشی نزیکەی 45 کغم.

ئەم گیانلەبەرە توانای ئاخافتنی ئاسانی هەبوو، بە هۆی بوونی پاشماوەی ئاوساوی لە بەشی قسەکردن لە دەماغدا کە شوێنەوارێکی دیاری هەیە لە ناو بۆشایی کەلەکە وە بە ناوی بەشی دوروس ناسراوە. لە ساڵی 1960 ئێسکەکەی دۆزرایەوە.

## Homo erectus

مرۆڤی وەستاو( القائم).

ئەم مرۆڤە سەرەتاییە پێش 1،8 ملیۆن ساڵ تا 300 سێ سەد هەزار ساڵ ژیاوە. گرنگترین دیاردەی پەرەسەندن قەوارەی دەماغێتی کە ئەگاتە 1225 سم سێجا. لەشی لەوەی پێشتر زۆر باریکتر بوو، گەشەی داوە بە جۆری نوێ لە ئامێرەکانی دەستی کە لە تاوێرەکان یان لە ئێسکەکان داتاشراوە،

هەروەها توانای قسەکردنی هەبووە وە لەوانەیە ئاگری بەکار هێنابێ. ڕووخساری هەر جیاواز بوو لە گەڵ ڕووخساری مرۆڤی ئەمڕۆمان و چەناکەی نەبوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی زۆر لەسەر برۆکانییەوە. ئەم مرۆڤە یەکەم کەس بووە کە ئەفریقیای بە جێهێشت، ئێسکەکانی لە ئاسیا دۆزرایەوە و لەوانە بە پیاوی بەکین و جاوا ناسراوە، هەروەها گەشتە ئۆرۆپا، بەیەکەم مرۆڤی کۆچەر دا ئەنرێ. لە ساڵی 1893 ئێسکەکەیان دۆزییەوە.

## Homo sapiens archaic

**مرۆڤی عاقڵی کۆن.**

یەکەم سەرهەڵدانی ئەم مرۆڤە پێش 500 هەزار ساڵ بوو و نەوەکانی 300 هەزار ساڵ ژیاون، زۆر لە ئێسکەکانی لە ناوچە جیاوازەکان دۆزرایەوە. قەوارەی دەماغی لە نێوان مرۆڤی کۆن و مرۆڤی هاوچەرخ بووە، هەروەها ددانەکانی، بەڵام هەتا ئێستە هەندی سیفاتی کۆنی پێوە دیارە وەک شێوەی چەناکە و بەرزبوونەوەی ئێسکی سەرەوەی برۆکان. لە ساڵی 1921 ئێسکەکانی لە ئۆروپا و ئەفریقیا دۆزرایەوە.

## Homo sapiens neandertalensis

**مرۆڤی عاقڵ نیاندرتاڵ.**

لەوانەیە ئەمە بەناوبانگترین مرۆڤ بێت کە بەرجەستە بووە لە زهنماندا ( بیرمان)لە مناڵییەوە، چونکە ئێمە لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی مێژوویمان خوێندووەتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ مرۆڤی کۆن. مرۆڤی نیاندرتاڵ پێش 200 هەزار ساڵ ژیاوە وە دوا نەوەی پێش 30 هەزار ساڵ لە ناوچوون. نامۆیەکەی لەوەدایە کە دەماغی لە دەماغی مرۆڤی ئێستە گەورەتر بووە، قەوارەی گەشتە 1450 سم سێجا، ئەمەیش ئەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی کەلەی وە کشانێکی بەرچاو دیارە بەرەو دواوەوە. چەناکەی هێشتا بچووکە و جیاوازییەکی دیاری هەیە لە پەیکەری ئێسکەکەی لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆ، لەوانە شێوەی دەفەی شانی و ئێسکی کەمەری. بەڵام لە کۆی ئێسکەکانیدا پتەوی بەدی ئەکرێ کە نیشانەی لەشێکی بەهێزە، لەوانەیە ئەمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بێت بەرامبەر ئەو ژینگە سەخت و زۆر سەرماوییە کە تێیدا ژیاوە. زۆرێک لەو ئامێرانە کە بەکاری ئەهێنا لەژیانیدا، لە ناو ئەشکەوتەکان دۆزرایەوە، لەو ئامێرانە هەندێکیان ئاماژە بەوە ئەکات کە توانایەکی باشی هەبووە لە شکاردا هەروەها بە باشی ئاگری بەکارهێناوە. بەشێوەیەکی بەرچاو پاشماوەکەی نیشانی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەرز ئەدات لە ژیانی باپیرەکانی، ئەو یەکەم مرۆڤ بوو کە مردووەکانی ئەناشت، بەڵام ئەم پێوەندییانە لەوانەیە لە کۆتاییدا دەستی پێکردبێ، چونکە یەکەم قەبرسانیان ئەگرێتەوە بۆ 100 هەزار ساڵ لەمەوپێش، مانای دوای تێپەڕبوونی 100 هەزار ساڵ لە بوونیدا لە ژیان. زۆربەی پاشماوەکانی لە ئۆروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هیچ کەسێک تا ئەمڕۆ ئێسکی ئەم مرۆڤەیان نەدۆزییەتەوە کە تەمەنی لە 30 هەزار ساڵ کەمتربێت. لەناوچوو و مرۆڤێکی تری لە دوای خۆوە بەجێهێشت، کە ڕوواڵەتێکی باشی هەیە و زیرەکە لە بەکارهینانی ئامێرەکانی ژیان، ئەو مرۆڤەش خۆمانین.

## Homo sapiens sapiens

**مرۆڤی عاقڵی عاقڵ.**

ئەم مرۆڤە باپیرەمانە کە ملیۆنەها ساڵی بەدوایخۆدا هێنا لە پەرەسەندنێکی لەسەرخۆ، ئەو یەکەم باپیرەمانە کە یەکەم پاشماوەی پێش 30 سی هەزار ساڵ سەریهەڵدا لە ناوچەی دوردونی فەرەنسی. کەلەکەی و ئێسکەکانی لە شێوەی ئەمەی خۆمان ئەکات و تەنها تەمەنی 30 سی هەزار ساڵە! و جیاوازییەکی کەمی هەیە لە شێوەی ددانەکانی. درێژییەکەی 180 سم بۆ نێرەکان و 165 سم بۆ مێیەکان. قەبارەی دەماغی 1350 سم سێجا وەک قەبارەی دەماغی ئەمڕۆمانە. ئامێرەکانی زۆرتر بەدیقەت بوون و جۆراوجۆر بوون وە چنینی ئەزانی هەروەها چێژی مۆسیقی هەبوو وە هەندێ شمشاڵی مەزنیان دۆزییەوە لە شوێنەوارەکانی .

دوا وتە:

ئەو هەڵکۆڵراوانەی دۆزرانەوە کە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک ئەگەڕێتەوە، بە ڕوونی ئاماژە بە پلەپلەی پەرەسەندنێکی درێژ ئەکات وە ئاماژە بە هەڵبژاردنی سرووشتی ئەکات کە جۆری تر بە بەرهەم ئەهەێنی زۆرتر بگۆنجێ لەگەڵ ژینکە و بەتواناتر خۆی ڕابهێنێ لەگەڵ بارودۆخی نوێ. پێشتر بینیمان چۆن مرۆڤ بە قۆناغە هەرە سەراتەییەکاندا تێپەڕبوو کە سیفاتی باپیرانی لە مرۆڤ و مەیموون کۆبووەوە وپاشان بە تێپەڕبوونی کات گەشتە ئەم شێوەی ئەمڕۆی. بەڵام تەنها هەڵکۆڵراوەکان بەڵگە نییە لەسەر پەرەسەندنی مرۆڤ، چونکە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوویەکی نزیک وە بۆ باپیرەیەک کە شەمبانزیش بەشداربوو، بەڵگەی تر هەیە کە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور ئەمانگەڕێنێتەوە، بۆ ڕەچەڵەکە زۆر کۆنەکان وە بۆ ئاژەڵانێک کە بە سەدان ملیۆن ساڵ پێش مەیموون بوونە. ئەو بەڵگانە پێویستی بە گەڕان و پشکنین نییە، بوونیان هەیە لە لەشماندا تاکو ئەمڕۆ، لە لەشماندایە چونکە جیناتەکانمان لە بیریانی نەکردووە وە پاراستوویەتی تا بماناسێنی بە ڕەچەڵەکی کۆنمان بە درێژای مێژووی زەوی. جیناتەکان ئەمڕۆ ئەو سیفاتانە دەرناخەن چونکە مرۆڤ پێویستی پێان نەماوە وەک باپیرانمان، بەڵام بە ڕۆشنی کارتێکردنی ماوە لە لەشمان، ئەمەش چەند نموونەیەکە.

ئەندامە سەرەتاییەکان:

هەندێ ئەندامی لەش وەزیفەکەی لەدەست ئەدات لەبەر ئەوەی گیانلەبەرەکە خۆی ئەگونجێنێ لەگەڵ ژینکەی نوێ کە پێویستییەکانی تر ئەخوازێ. وەک ئەم ئەندامانە لە لەشدا ون ئەبن بە بەردەوامبوونی پەرەسەندن بەڵام شوێنەوارێک بەجێ ئەهێڵی ئاماژە بە بوونە کۆنەکەی بکات. ئەو ئەندامانە لەسەرەتای کۆرپەلەکەوە درووست ئەبێ پاشان بەردەوام نابێت لە گەشەکردن بگرە ئەوەستێ چونکە وەزیفەکەی پەککەوت. یەکێ لەو نموونانە ڕیخۆڵە کوێرەیە لە مرۆڤدا. ئەم ڕیخۆڵە کوێرە هیچ وەزیفەیەکی نییە بگرە ئەبێتە بەڵایەک ئەگەر توشی ئیلتیهاب بێت بەڵام وەزیفەیەکی هەرسی ( هضم) هەیە لای ئەو ئاژەڵانەی کە لەسەر گیا ئەلەوەڕێن، بۆیە ئەیانبینی تاڕادەیەک درێژە و خەووتووە و ئەکتیفیشە، بەڵام بە پەیوەست بە مرۆڤەوە جیتر پێویستی بەمە نەما چونکە خۆراکی تەنها گیا نییە بگرە گۆشتیش ئەخوات ،بۆیە شوێنەوارەکەی ماوە و ڕەنگە دوای هەزارەها ساڵ لە پەرەسەندنێکی بەردەوام نەمێنێ ( ڕیخۆڵە کوێرە نییە لەو ئاژەڵانە کە تەنها گۆشتخۆرن_دڕەندەکان). نموونەیەکی تر شوێنکەوتەی کلک یان بڕگەی کلک ، کلێنچکە ( عصعوص)، ئەو کاتەی مرۆڤ کە گەشتە پلەیەک لە پەرەسەندن وە توانی لەسەر دوو پێ بوەستی ئیتر کلک ون بوو وە پێویستی پێ نەما، ئەگەر بەردەوام ببیوایە ڕێگر ئەبوو بەرامبەر توانای ڕێکردن، ون بوو و شوێنکەوتەی ماوە کە گەواهی ئەکات بۆ ڕابردوویەکی زۆر کۆن ئەو کاتەی باپیرانمان کلکدار بوون.

**لەیەکچوونی کۆرپەلەکان:**

**لە ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵەکان، هێلکەکەر بێت یان شیردار، کۆرپەلەکان لە قۆناغەکانی سەرەتای پەرەسەندن لەیەک ئەچن، ئەم لەیەکچوونە کە جیناتەکان هەڵیانگردووە هیچ شیکردنەوەیەکی نییە تەنها ئەوە نەبێ کە هەموو ئاژەڵەکان یەک ڕەچەڵەکیان هەیە. کۆرپەلەی مرۆڤ کلکی هەیە لە هەفتەی سێیەم لە تەمەنی، هەروەها پێکهاتەیەکی شێوە گوێچکە ماسی ( غلصم) هەیە لە ناوچەی مل دواتر ئەگۆڕێ بۆ گوێ.**